# چین هەواری ڕابردووی ئایدۆلۆژیا و  کارخانەی یاری منالآنی ئەمڕۆ و گەورە هێزی داهاتوو(وەڵامێك بۆ نووسینێکی بەڕێز مەلا بەختیار)

عەلی مەحمود محەمەد– بەشی سێیەم




## سستەمی ئابوری لە نێوان پڕۆژەی سۆسیالستی و چاکسازییدا

تا ئێستا چەپەکانی زیاترین دەستەواژە سۆسیالیزمە لە ئەدەبیات و بەرنامەی سیاسیی خۆیان بەکاری دەهێنن , بەڵام نەیان توانیوە وێنەیەکی کۆنکریت و نزیك لەو سۆسیالیزمە بۆ ئێمە بکێشن جیا لەوەی لە ڕابردوو تاقیکراوەتەوە , تا بزانیین ئەو سۆسیالیزمەی وا دەمانەوێت دامەزرێت لە داهاتوودا سیماکانی  چۆنە ؟؟؟  هەر کۆپی ئەزمونەکانی ڕابردوو دەبێت کە زۆر هەژارە لەبەرامبەر وەڵامدانەوە بە بەها ئازادییەکان و وەڵام بەپێداویستییەکانی مرۆڤ ؟؟ یان جۆرێکی کەیە هێشتا مەتەڵەکەیمان بە ڕونی هەڵنەهێناوە و ژیان تەسکییەی بەرنامە داڕێژراوە دوور لە ڕیالستییەکان ناکات , پرسیار و وەڵام بۆ داهاتوو دەهێڵێتەوە , دەرگای پێشکەوتن دانەخراوە بۆیە ئەوپەڕی دالآنی مێژوو بینین خەونێکی پوچەڵە  , گیان بەختی بۆ بەهایەك ئەنجامەدەین تەنها سەرەقەڵەمەکانی لە بیرو زەینماندایە , خەوێك دەبینیین درێژەی هەمان خەونە مەزنەکانی مرۆڤایەتییە لە سپارتاکۆس و ئەخناتونەوە بۆ ئەبو زەڕ و عەماری کوڕی یاسرو ... تا دەگاتە پلانکی و برۆدۆنی و سەدان ملیۆن مارکسیی بینییان , خەونێك باوەڕی بە یەکسانی مرۆڤەکان لە هەموو بوارەکاندا هەبێت  , ئەو جیهانەش بۆ ئێمە سۆسیالیزمە .

لە سەردەمێکدا ژیان بەسەرە بەین جیهان وا بچوك بۆتەوە گۆڕانکاری زۆر بچوك بە خێرایی با بە جیهاندا بڵاو دەبێتەوە , دامەزراندنی سۆسیالیزم نەك لە وولآتێکی گەورە بگرە مام ناوەندیش بومەلەرزەی سیاسی و ئابوری کاریگەرتر لە هیرۆشیمای لێدەکەوێتەوە . بۆیە شەڕی ئەمجارە چەندە کاردانەوەی لە ڕابردوو گەورەترە ئەوەندەش بۆ خۆی لە ڕابردوو سەختترە .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان له سستەمی سۆسیالستیدا لە بەرامبەر ئەو کارەی دەیکەن کرێی جیا وەردەگرن , هەر کەسە بە گوێرەی ئەو کارەی دەیکات پاداشت وەر دەگرێت , واتە جیاوازی لە داهاتی تاکەکانی کۆمەڵدا دەمێنێت , کرێی زێدە لە پێداویستی کەڵکە دەبێت , پاشان ئەو زێدە کەڵکە کراوە دەچێتە بواری سەرمایەگوزارییەوە و لە بازنەی بەرهەم هێناندا بەشدار دەبێت و سەرمایەی زێدە بەرهەم دەهێنێت ..... . کەواتە لە سستەمی سۆسیالستیدا چینەکان و جیاوازی چینایەتی هەر دەمێنێت , بەڵام جیاوازی ئاسمان و ڕێسمانی سستەمی پێشوو دادەبەزێتە سەر زەوی و بەچاوەکان جیادەکرێنەوە . لە سستەمی ئابوری سۆسیالستیدا بازاڕ–دراو–نرخ–کریٚ–سەرمایەگوزاری , ئاڵوگۆڕی شمەك دەمێنێت , ئەنجلز پێشبینی وا بوو سۆسیالیزم هەر سستەمی سەرمایەدارییە بەڵام بە بیٚ سەرمایەدار (حولة مستقبل الصين-د.سمير امين –ثقافة الجديدة عدد 277).

ئەگەر لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا بە ووتەی لینین بنیات نانی سۆسیالیزم ئاڵۆز بوو , پاش سەرکەوتنی شۆڕش دەیان ساڵی دەویست بۆ گەیشتن پێی , زۆر گرانتر بوو لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات , هەرچەندە سستەمی سەرمایەداری چەسپیوەو پرۆلیتاریای هاوچەرخی بەرفراوانی بەرهەم هێناوە و زەمینە مادییەکانی بنیات نانی سۆسیالیزم کامڵ بووە . بە گوێرەی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی مارکس و ئەنگلز پێشبینیانی دەکرد بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالستی , ئێستا نەك تەنها زەمینەی دامەزراندنی سۆسیالیزم پێگەیوە لە زۆربەی ووڵاتان بگرە لە ووڵاتە پێشکەوتووەکان تێی پەڕاندووە , تێپەڕاندن لە وەرزیش لە بەرژەوەندی بەردا نییە و گەندەڵ بوونی لێدەکەوێتەوە .

نابێت ئەوە لەیاد بکەین سستەمی ئابوری سەرمایەداری لەگەڵ گەشەی خۆیدا بۆتە سستەمێکی ئاڵۆز و بە ناخی جیهاندا چۆتە خواریٚ و وەك تۆڕی جاڵجاڵۆکە لق و پۆپی هاویشتووە , ناتوانرێت بە ئاسانی پایەکانی تێك بشکێنرێت .

بە بەرفراوان بوونی ڕۆڵی بازاڕی پشك و دراو بازرگانی دەرەکی و سەرمایەگوزاری دەرەکی و ناوەکی لە ئابوریدا , ئابورییەکی بزێوو عەجولی بەرهەم هێناوە , دەست لەهەموو شتێك وەردەدات و و خێراتر لە با لە سنورەکان ئەمسەرو ئەوسەر دەکات و کەمتر خۆی دەخاتە بەر سیرە و داوی ڕاوچییەوە . ئەم کەرتانەش لە ئابوری شلەقان و تەکان و شۆڕش تەحەمول ناکەن , لەگەڵ شلەقاندا دەتەقێتەوە سەرتاپای جیهان لەگەڵ مەرگی خۆی وێرانە کات , کارەساتی ئابوری گەورە لەگەڵ خۆی دەهێنێت , نەك تەنها ووڵات وێرانە کات بەڵکە مرۆڤەکان سەریشی سەقەتەکات . بە داڕمانی ژێر خانی ئابوری مرۆڤەکانیش هەموو بەختەوەرییەکانی ڕابردووی خۆیان لە دەستە دەن , یەکسانی سۆسیالستەکان جگە لە برسێتی هاوبەش هیچی کە لە هەگبەکەیدا نابێت بۆیان . چۆن بۆمبی ناوکی بەدەست بن لادنەوە مەترسیدارە , ئابوریش بەبیٚ مامەڵەی زانستیانە لەگەڵی مەترسی لەو بۆمبە کەمتر نییە لە ئێستاماندا .

لەم سەردەمەماندا پشك و دراو زیندان کردنیان مەحاڵە , وەك زیندان کردنی ئۆکسجین وایە لە گەردوندا , لە سەردەمی ئەنتەرنێتدا سەرمایەی ووڵاتێك بە یەك کرتە ئەمسەرو ئەوسەری جیهانە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

كات , هەلاتنى كارەساتە بۆ ئەو وولاتەى لێى هەلدێت , ئەگەر سەنتێك بە هەلاتن وولات بەجى بهێلێت ئەوا لە دواى خۆیەوە ملوێنان ئەوەندە زیان دەدات و متمانە ناهێلێت , بۆیە بیركردنەوە لە گۆڕینى سستەمى ئابورى لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالستى لەم سەردەمە بەبێ لە بەرچاوگرتنى كاریگەرییە ئابورییەكانى جگە لە خۆكوژى ئابورى و سیاسى هیچكەى لى شین نابێت .

لەم سەردەمەدا ووشەى شۆڕش جێگەى خۆى بۆ گۆڕینى دەسەلات لە ڕێگەى سندووقى دەنگدن كردۆتەوە , سندووقى دەنگدانیش شەرعییەت دەداتەوە بە گۆڕان بۆ خولەكانى داهاتوو , ئەوەش لە گەلٚ خەونە شۆڕگێڕییەكان یەك نایاتەوە بۆ ئەنجام دانى گۆڕانكارى ڕیشەیى لە بوارى ئابورى , ئەوەى تۆ دەیكەیت پاش 4 سالێ كە ئەگەرى جێبەجێكردنى پێچەوانەى هەیە , ئابورى بەم هەلسان و دابەزینە هەناوییە پچڕێت , ئابورى چەندە دڕندەیە هەزاران ئەوەندەش ناسكە .

لەوانەیە گۆڕینى سستەمى ئابورى بۆ پاشانشینێكى وەك نیپالٚ سانا بێت , بەلام بۆ وولاتێكى مام ناوەندى وەك بەرازیلى مالٚویرانییە , بۆ ولاتێكى وەك یابانیش كارەساتە , لەوانەیە كۆمۆنستێكى كەم سەوادى وولاتانى ژێر دەستە ختوكەى هەستى بێت بە شۆڕش و سۆسیالیزم لە یابان , بەلام ووشەى شۆڕش كۆمۆنیستەكانى یابان ڕادەچەلەكێنێت . یەكسانى سەرى ئەخناتونى فیرعەونى خوارد لە شارى ئاسۆ , لۆلا بیر لە یەكسانى بكاتەوە لە سبەى ڕۆژدا بەهۆى كاریگەرى دارمانى ئابورى و هەلاتنى سەرمایە لە وولاتەكەى نەك تەنها ئەو كرێكارانەى كار لە دەستە دەن دژى دەوەستنەوە , بەلكە برسییەكانى ئەمازۆنیش كاتێك دوو ژەم خواردن كەمترییان بەركەوێت ئەو یەكسانییەكە دەدەنە بەر شەق و تێى هەلدەن .

لە سەدەى ڕابردوودا لە جیهاندا كۆمەلێك ئەزموون لە بوارى دامەزراندنى ئابورى سۆسیالستى تاقى كرایەوە , هەرچەندە بەشێكى بەرچاو لەماركسییەكان ئەو ئەزمونانەیان پێ سۆسیالستى نییە , بەلام ئێمە لە ئەزمونانەوە قسە دەكەین نەك لە سەرنج و تیبینى نوخبەوە كە لە خەیالى خۆیدا سۆسیالزمێكى داڕشتووە تەنها لە ژیانى دیمۆندا دەست ناكەوێت بگرە لە ژوورى مەكتەبى سیاسییەكەشیدا چاو بە جیهانى ڕیالیست هەلناهێنێت , لێكۆلێنەوە لەسەر ئەزمونى بنیات نراو زیاتر ڕیالستییە نەك ئەو نوسینانەى جارێ سنورى كاغەزییان نەبەزاندووە و ژییان بەسكى خۆى تاقییانى نەكردۆتەوە .

لە سستەمى ئابورى سۆسیالستى بنیاتنراودا , تا ئێستا ئایدۆلۆجیاو بیروباوەڕى سیاسییەكان و حەزو خەونەكانییان ڕۆلییان گێڕاوە لە دیاریكردنى نەخشە ئابورییەكان , نەك بیردۆزى ئابورى و نەخشەى زانایانى ئابورى . بەكارهێنانى ماتماتیك لە بوارى ئابوریدا لە سۆڤییەت لە نێوان سالانى چل و پەنجاكان قەدەغەكرابوو , بۆ نموونە كانتۆروفتش پرۆژەیەكى ئابورى نوسییەوە بە ناوى (ڕێگاى ئابورى بۆ ڕێكخستنى بەرهەم و نەخشە) , ئەم پرۆژەیە لە سالێ 1939 بلاوكرایەوە , بەلام تا سەردەمى چاكسازییەكانى سالێ 1959 بەكار نەهێنرا لە بوارى ئابوریدا .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گرنگترین ئەو ئەزمونانەش ئەزمونی سۆڤییەت و چینە بەهۆی بارستایی سیاسی و ئابوری و دانیشتوان و جوگرافیایانەوە . هەروەها لەبەر ئەوەی بابەتەکەی خۆشمان لەسەر چینە , بۆیە زیاتر گرنگی دەدەین بەو ئەزموونە . سەرباری ئەوەی نەك هەموو وڵاتە بەناو سۆسیالستەکان لە ژێر کاریگەری ئەم دوو ئەزمونەدا بوون لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو , بگرە تەواوی پارتە کۆمۆنیست و چەپەکانی جیهانیشییان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد .

## ئەزمونی سۆڤییەت

سۆڤییەت پێوانەی خاکەکەی 22,4 ملیۆن کم2 بوو , واتە شەش یەکی قەوارەی ووشکانی هەموو جیهانی پێك دەهێنا , خاوەند یەدەکی کەرەسەی خاوی زۆر و دەوڵەمەند لە ڕوی سامانی ژێر زەمینییەوە , پێش جەنگی جیهانی یەکەم گەورەترین ناردەی خۆراکی جیهانی بوو , بەڵام لەسەروبەندی هەڵوەشانەوەیدا بووە گەورەترین کڕیار و هاوردەی خۆراك لە جیهاندا , ئەمەش دەربڕی شکستی ئەزموننییەتی لەبواری کەرتی کیشاوەرزی .

ڕوسیا پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر وڵاتێکی دواکەوتوو بوو زۆربەی خەڵکەکەی نەخوێندەوار بوون (الاقتصاد السياسي للاشتركية-ص29), بەڵام کە هەڵوەشایەوە بەرزترین ڕێژەی خوێنەواری هەبوو لە ئاستی جیهاندا , سەرباری خانوی خۆڕایی و خوێندنی بەزۆرو بە خۆڕایی و بیمەی بێکاریو تەندروستی و دەیان بەهای کە نمونەی لە مێژووی مرۆڤایەتییدا نەبووە . ئەوبەهایانەی تا نەڕوخا ڕۆژئاوا جورئەتی نەکرد لە وڵاتەکانی خۆیان هێرش بکاتە سەریان و هەڵیان وەشێنێتەوە .

لە نێوان ساڵەکانی 1956–1970 ڕێژەی گەشەکردن لە سۆڤییەت بە شێوەی گشتی 5,4٪ بوو( بول سميندي-الاستعداد للقرن واحد والعشرين-ترجمة محمد عبدالقادر-1993 – ص 294).

بەڵام ئەمەریکا لە ساڵی 1959دا ڕێژەی گەشەکردنی 3,92٪ و ساڵی 1960 بە ڕێژەی 4,05٪ و لە ساڵی 1970 دابەزی بۆ 2,79٪ (بول سميندي-الاستعداد للقرن واحد والعشرين-ترجمة محمد عبدالقادر –1993-ص366).

هەروەها ڕێژەی بەشارستانیبوون لە ماوەی 4 دەیە لە وڵاتی سۆڤییەت بەم شێوەیە سەرکەوت .

| ساڵ | شار | لادێ |
|---|---|---|
| 1916 | ٪18,50 | ٪81,50 |
| 1940 | ٪ 33 | ٪67 |
| 1953 | ٪57 | ٪43 |

( جان ايلنشتاين-ترجمة د.مجيد راضي- ظاهرة ستالين-دار المدى –1996 ص224).

لە بواری بەشاربووندا سۆڤییەت هەنگاوی باشی نا , هەندێك جار ئەم پێشکەوتنانە خەڵکی ئاسییای ناوەڕاستی نیگەران و تورە دەکرد لەوەی کەلەپوری ڕابردوویان کەوتبووە مەترسییەوە و نایانتوانی ئەو گۆڕانکارییە کتوپڕە قەبوڵ بکەن , کەواتە سۆڤییەتییەکان لە بە مۆدێرنتەکردنی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**وولاَت پرِۆلی ئەكتیڤییان گێرِا  توانییان لە ماوەی كورتدا گەلانێكی رِەشماڵ نشین لە شارە نوێكاندا نیشتەجیٚ بكەن .**
**هەرچی بواری دەرهێنانی خەڵوزی بەردین و نەوت و پۆڵایە ئەوا  سۆڤییەت  كەوتە  پێش  ولاٌتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكاوە , لە بەرهەمهێنانی كارەباشدا هەنگاوی گەورەی  نا , بە كارەباكردنی ولاٌت یەكێك بوو لە ستراتیژییەكانی بەلشەفیكەكان , لە سەرەتای بە دەسەلاٌت گەیشتنییانەوە ئالاٌی دروشمی  ( كارەبا + دیموكراتییەت = بەسۆسیالیزم) ییان بەرزكردەوە.**
**جیاوازی بەرهەم هێنانی كارەبا لەچاو ولاٌتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا بەم شێوەیە بە قازانجی سۆڤییەت چووە پێشەوە  .**

| ولاٌت | 1913 | 1951 | 1973 |
|---|---|---|---|
| سۆڤییەت | 2 | 103 | 915 |
| ئەمەریكا | 25,8 | 370 | 1,854 |

**بەملیۆن كیلۆ وات .**
**لە بواری پیشەسازی قورس و ووزەشدا  سۆڤییەت هەنگاوی زۆر گەورەو مەزنی نا , هاوكات بۆمیی ناوكی تەقاندەوە و چووە سەر مانگ , لە سەرتاسەری  وولاٌتدا 1500 كارخانەی نوی دروستكرا . لە نەخشەی پێنج ساڵەی یەكەمدا رِێژەی گەشەكردنی كەرتی پیشەسازی 21٪ و دووەم  پێنج ساڵە 16٪  بوو (جان** ايلنشتاين-ترجمة د.مجيد راضي- ظاهرة ستالين-دار المدى –1996 –ص**118).**
**لە نێوان ساڵانی 1950 بۆ 1965 بەرهەمی پیشەسازی لە ولاٌتە بەناو سۆسیالستییەكان 510٪ و لە ولاٌتە پەرەستێنەكان 330٪ و لە ولاٌتە سەرمایەدارییەكان 220٪ گەشەی كرد (**الاقتصاد السياسي للاشتراكية-ص432)**. ئەم ئامارانە ئەو بۆچونانە پوچەلٚ دەكەنەوە كە ئابوری كۆنترۆلٚ كراو هۆكاری دواكەوتنە .**
**بەلاٌم لەبەرهەمهێنانی  بەرهەمی  كاربوردی تاكە كەسی و ئەو كەلوپەلانەی  بۆ بازارِ بەرهەم دەهێنران  زۆر دوا كەوت , لەبەر ئەوەی كەلوپەلی بۆ بازارِ بەرهەم ناهێنا, بۆیە نایەتوانی وەلاٌمی پێداویستی بازارِ بداتەوە , لەم بوارەدا ئەم كەرتەی بۆ وولاٌتە سەرمایەدارییەكان بەجیٚ هێشت و بازارِەكانی تەسلیم بە ئیرادەی كۆمپانیا مۆنۆپۆڵەكان كرد .**
**لە  ساڵی1955 دا جیاوازی نێوان بەرهەم هێنانی  ئەم كەلوپەلانە لە نێوان هەردوو وولاٌتی سۆڤییەت و ئەمەریكا  ئاسمان و رِێسمان بوو .**

| كەلوپەل | سۆڤییەت | ئەمەریكا |
|---|---|---|
| رِادیۆ | 66 | 974(بۆ هەر 1000 كەس) |
| یەخچاڵ | 5 | 288 |
| تەلەفزیۆن | 4 | 318 |
| غەسالە | 1 | 216 |
| ئۆتۆمۆبێل | 2 | 300 |

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(جان ايلنشتاين-ترجمة د.مجيد راضي- ظاهرة ستالين-دار المدى -1996 -ص218).

له هەموو وڵاتی سۆڤییەت 77٪ بەرهەمهێنانی کەرتی ئۆتۆمۆبێل له یەك کارخانه بەرهەم دەهێنرا (مستقبل الرأسمالية-لستر لوثر-ترجمة عزيز سباهي-ص71) . ئەمەش نیشانەی گرنگی نەدانه به باشتر کردنی بەرهەم له ڕوی چەندایەتی و چلۆنایەتییەوە , یەکێك بوو لەو هۆکارانەی سۆڤییەتی دواخست , چونکه تا مونافەسه نەبێت بەرهەم چاك نابێت , سەرنەکەوتویی سۆڤییەتی له بواری بەڕێوەبەرایەتی دەرخست .

ئەگەر سەرکەوتنێك له بواری کەرتی پیشەسازی قورسدا بەدی هاتبێت ئەوا له بواری کەرتی سەربازی و پێویستییه سەرەکییەکانی هاووڵاتیان بوو به تایبەت ووزە .

له ساڵی1953 دا خەڵوز100٪ و کارەبا 300٪ و پۆڵا200٪ و لۆکە 100٪ گەشەیان کرد .

بەڵام کەرتی کشتوکاڵ له سۆڤییەت هەرەسی هێنا , ئەو خاکه پان و بەرین و بەپیت و بەرەکەته نایەتوانی پێداویستی دانیشتوانەکەی له بەرهەم هێنانی خۆراك دابین بکات , تەنانەت سۆڤییەت نایەتوانی لۆکه به ئەندازەی پێداویستی خۆی بەرهەم بهێنێت , ووڵاتێکی وەك کازاخستان بەو پانتایەی ئێستا هەیەتی زۆرترین بەرهەمی لۆکه بەرهەم دەهێنێت .

ئاسایشی خۆراك بۆ هەموو ووڵاتێك زۆر گرنگه له ڕوی سیاسییەوە , هەیبەتی دەرەخات , به تایبەت بۆ ووڵاتێکی وەك سۆڤییەت که سەرکردایەتی جەمسەرێکی جیهانی دەکرد و خۆی به مونافسی جەمسەرەکەی کەی جیهان دەزانی , به بێ دابین کردنی ئاسایشی خۆراك نایه توانی ئەم پەیامه به سەرکەوتووانه ئەنجام بگەیەنێت و هەیبەتی سیاسی خۆی بپارێزێت , هەرواش بوو بووە یەکێك له گرنگترین خاڵه لاوازەکانی .

ساڵی 1952 بەرهەمی کشتوکاڵی کەمێك زیاتر بوو له ساڵی 1914, له کاتێکدا دانیشتوان نزیك 20٪ زیادی کردبوو . له ماوەی ئەو 18 ساڵەدا هۆیەکانی زیادکردنی بەرهەمی کشت و کاڵ له ئامێر و پەین زۆر چوبووە پێش , تەکنەلۆژییای نوێ دەیتوانی ئەو ووڵاته گەورەیه به پانی و درێژی بکاته کێڵگەی بەرهەم هێنان , کەچی بەرهەم له شوێن خۆی چەقی.

| ساڵ | 1914 | 1952 |
|---|---|---|
| دانیشتوان | 159,200 | 188 |
| بەرهەم | 92,200 | 95,600 |

( جان ايلنشتاين-ترجمة د.مجيد راضي- ظاهرة ستالين-دار المدى -1996 -ص205).

له ساڵی 1945 سۆڤییەت تەنها 47,300 ملیۆن تەن دانەوێڵەی بەرهەم دەهێنا , ئێستا ئۆکرانییا به تەنها نزیك بەو ئەندازەیه دانەوێڵه بەرهەم دەهێنێت , له ساڵی 2002 دا 33,8 ملیۆن تەن دانەوێڵەی بەرهەم هێنا .

له سەردەمی سۆڤییەتدا 40 ٪ بەرهەمی کشت و کاڵی بەرهەم هێنراو له کێڵگەکاندا دەڕزان (مستقبل الرأسمالية-لستر لوثر-ترجمة عزيز سباهي-ص68) , ئەمەش بەهۆی ئەوەوەی جوتیاران ئەو بەرهەمەیان به ماڵی خۆیان نازانی و خۆیان ناکرد به خاوەندی , به پەرۆش نەبوون بۆ بەرهەم هێنانی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

. پاش پاشگەزبوونەوە لە سیاسەتی نیب تێسرەواندنی مەزن کەوت لە سامانی ئاژەڵداری , ئەم کەرتە بە ئاستێك پوکایەوە , مێژوو کارەساتی کەموێنەی وای بە دگمەن بە خۆوە بینیووە .

| جۆر | 1929 | 1933 |
|---|---|---|
| گایەل | 67,1 | 38,4 ملیۆن |
| ئەسپ | 30,7 | 16,4 |
| مەڕ و بزن | 20,3 | 12,2 |

( جان ایلنشتاین-ترجمة د.مجيد راضي- ظاهرة ستالين-دار المدى –1996 –ص103).

لە ساڵی 1935دا جوتیارانی کۆلخۆزەکان سەرو پارچە زەوییەکی بچوکییان پێدرا , بۆ ئەوەی بیکێڵن و کەڵکی لێ وەربگرن . سەرجەمی ئەو زەوییانە بەسەر یەکەوە دران بە جوتیاران دەیکردە تەنها 4٪ زەوی کشتوکاڵی هەموو وولات , بەلاَم ئەو زەوییانە

50٪ی بەرهەمی سۆڤییەتییان لە سەوزەو میوەو پەتاتە و شیر و گۆشت و مەڕ و بزن بەرهەم دەهێنا (جان ایلنشتاین-ترجمة د.مجيد راضي- ظاهرة ستالين-دار المدى –1996 –ص206).

لە ئابوری سۆسیالستی بنیات نراودا , کارخانە بە گوێرەی پێداویستی دەوڵەت کەل و پەلی بەرهەم دەهێنا , کێڵگە بە گوێرەی پێداویستی دەوڵەت دانەوێڵە و بەروبومی بەرهەم دەهێنا ئەگەر بیتوانیایە نەخشەکانی بپێکێت , بازرگانییش بە هەمان شێوە بە گوێرەی لیستی داواکاری دەوڵەت کەل و پەلی داوادەکرد و دەینادردە دەرەوە , پەیماننامە سیاسییەکان بازرگانییان دیاری دەکرد نەك نرخ و پوختی بەرهەم , بۆیە هیچ کام لەم کەرتانەی ئابوری نایانەتوانی داهێنان بکەن لە کەرتەکان خۆیان لە خزمەتکردن بە ئابوری وولات , کەلوپەل بەهەرزان دەفرۆشرا بە هاوپەیمانان و بەروبومە پەڕپوتەکانییان خۆی لەسەر زبڵدان دەبینییەوە .

ئەگەر سۆڤییەت بە ئیمپراتۆریایەك دابنێین ئەوا یەکەم ئیمپراتۆریا بوو لە مێژوودا لەو دیو سنورەوە لە جیاتی خێرو بەرەکەت زیانی بۆ دەگەڕایەوە .

تا لە ئەنجامدا ئابوری پوکایەوە وولات لە جێی خۆیدا چەقی نەیتوانی فریای پێشکەوتنی ڕۆژئاوا بکەوێت , لە هەموو کاروانەکان دوا کەوت . بەو دەوڵەمەندییە زۆرەو ئەو ڕوپێوە بەرفراوانەوەی کە پێشتر پێشبینی وابوو سۆڤییەت لە سەرەتای هەزارەی دوو وڵاتە یەکگرتوەکان ئەمەریکا ڕەتبدات , کەچی خۆی لەسەر نەخشەی تەریکترین قوتابخانەی دواکەوتوترین وولات سڕایەوە .

سستەمی سۆڤییەی جگە لە فرۆشتنی کەرەسەی خاو لە نەوت و گاز و بەرهەم هێنانی چەك , لە بازنەی بازرگانی جیهانی هیچ ڕۆڵیکی کەی نەبوو , لە کۆتایی تەمەنییدا .

بازرگانی چالاك و کاربردی ناوخۆ هۆی سەرەکی گەشەی بەرهەم هێنانن لە هەر وولاتێکدا , ئەم دوو کەرتەش لەم وولاتە لە دەرەوەی بازنەی گرنگی پێدانی دەوڵەتەوە بوون و لە حەرامکراوەکان بوون .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ئەزمونی چین

لە وولآتی چین شۆڕش هاتە سەر ئابوورییەکی وێرانە بە هۆی ( گەندەڵی , شەڕی یابان , شەڕی ناوخۆیی) لە سەردەمی ڕژێمی پێشووەوە , ساڵی 1952 بەرهەمی نەتەوەیی چین تەنها 67,9 ملیار یوان بوو.

پێش سەرکەوتنی شۆڕش سێ یەکی پرۆژەکان کەرتی دەوڵەتی بوون , بەلآم کە شۆڕش سەرکەوت هەمووی کران بە کەرتی دەوڵەتی . نرخی گشتی بەرهەمی پیشەسازی چینی لە سەروبەندی شۆڕشدا تەنها 1400 ملیۆن یوان بوو .

لە شۆڕشی چیندا لە ئەنجامی ئەو چاکسازییەی شۆڕش ئەنجامی دا بە قازانجی جوتیاران 300 ملیۆن جوتیاری چینی 47 ملیۆن هیکتار زەوییان وەرگرت , بەمەش بەشی زۆری جوتیارانی چینی بوونە خاوەند زەوی خۆیان . لە ساڵی 1949 ەوە تا ساڵی1985 حکومەتی چین دانەوێڵەی لە جوتیاران دەکڕییەوە و پاشان بە هاولآتییانی دەفرۆشتەوە( 5-6-2004 شینخوا) . ئەم کڕینەوەیە لە سۆڤییەت نەبوو , ئەمە بووە هۆکارێك کەرتی کشتوکاڵ لە چین زیندووی خۆی بپارێزێت . لەهەردوو ئەزمونەکەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوت جوتیاران بۆ خۆیان نەبێت گرنگی نادەن بە بەرهەم و بەروبوم لە کێڵگەکان ڕزان چاوەڕوانی دەکات .

ساڵی 1956 بۆ 1960 بەرهەمی کشت و کاڵ 13-14٪ پوکایەوە . لە ساڵی 1962 بە ڕێژەی 2٪ لە خوار 1952 ەوە بوو . لە نێوان ساڵانی 1958 بۆ 1961 زیاتر لە 14 ملیۆن هاولآتی چینی لە برسان مردن . چین لە ساڵی 1949دا تەنها 113,2 ملیۆن تەن دانەوێڵەی بەرهەم دەهێنا , لە ساڵی 1980ئەم برە گەیشتە 318,2 ملیۆن تەن , بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی 3,3٪لە ماوەی ئەو 31 ساڵەدا (الصين- دراسه ڤ الجيوبولتك-د.صباح محمود محمد-ص34). پارساڵ بەرهەمی دانەوێڵە گەیشتە 468 ملیۆن تەن .

لە یەکەمین نەخشەی پێنج ساڵەدا لە ساڵی 1952-1957 ئابوری چین بە ڕێژەی 8,6٪ گەشەی کرد , ئەمەش گەورەترین ڕێژەی گەشەکردن بوو لە مێژوی هاوچەرخی چینییدا تا ئەو کات . پیشەسازی فڕۆکەوانی-ئۆتۆمۆبێل-ئامێری کارکردن-ئامێری بەرهەم هێنانی کارەبا , کانەکان , پۆلآو... بە کۆمەڵ گەشەیان کرد , لە سەرکەوتنی شۆڕشەوە تا ساڵی 1966 جگە لە ساڵەکانی 1961 و 1962 بەهۆی پاشەکشەی سۆڤییەت و ساڵی 1966 کە ساڵی دەست پێکردنی شۆڕشی ڕۆشنبیریی بوو کەرتی پیشەسازی پوکایەوە , هەموو ساڵەکانی کە ئەم کەرتە بە پۆزەتیڤ گەشەی کرد , نرخی بەرهەمی پیشەسازی بە گوێرەی نرخی بازاڕ 3 جار زیادی کرد .

هاوکات داهاتی تاکی چینی لەو ماوەیەدا بە ڕێژەی 58٪ چووە سەر .

لە نێوان ساڵەکانی 1966 بۆ 1976 لەماوەی ئەو 10 ساڵەدا ئابوری چین لە کۆی گشتیدا پوکایەوە بەهۆی شوێنەوارەکانی شۆڕشی ڕۆشنبیرییەوە کە نا ئارامی سیاسی و هەرج و مەرجی بەرهەم هێنا , هەرچەندە لە دوای حەفتاوە ئابوری دەستی کردەوە بە گەشەکردن . بەرهەمی پیشەسازی چینی لە نێوان ساڵانی1952 -1957 بە ڕێژەی 19٪ و داهاتی تاك 9٪ و کشت و کاڵ 4٪ گەشەیان کرد .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له ساڵی 1950 ەوه تا ساڵی1980 به ڕێژەی ناوەندی گەشەی ساڵانەی کەرتی کشت و کاڵ به ڕادەی 4 ٪ و پیشەسازی به ڕێژەی ٪13 بوو .

له ساڵانی چل و پەنجاکاندا بازرگانی تەنها ٪2 بەرهەمی نەتەوەیی چینی دیاری دەکرد , لەساڵی 1979 دا ئەم ڕێژەیه گەیشته ٪6 , زیاد بوونی ڕێژەی بازرگانی به گوێرەی داهاتی نەتەوەیی مانای تەندروست بوونی باری ئابوری هەر وولاتێکه , ئێستا ئەم ڕێژەیه له چین گەیشتۆته زیاتر له ٪68,2 .

**له نێوان ساڵی 1978–1984دا , پاش ئەوەی چاکسازیی له لادێ ئەنجام درا بەرهەمی کشت و کاڵ 2 لەسەر 3 چووه سەر (مستقبل الرأسمالية-لستر لوثر-ترجمة عزيز سباهي-ص68).**

ئەمەش هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ کەرتی کشت و کاڵ , پێشتر تەکانی وای بەخۆوە نەبینیبوو , زیادکردنی بەرهەمی کشت و کاڵ بۆ وەلام دانەوە به پێداویستی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان پێویسته . چین له مێژووی نوێی خۆیدا جگه له کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان لەهەموو کاتەکانی مێژووی نوێی خۆیدا توانیوەیەتی پێوداویستیەکانیی خۆی له بەرهەم هێنانی خۆراك دابین بکات , ئەمەش به پێوەنتێکی پۆزەتیف بۆی نوسراوه , له کاتێکدا ٪7 زەوی کشتوکاڵی جیهانی هەیه بەلام خۆراکی 1300 ملیۆن مرۆڤ دابینه کات .




ئەگەر کشت و کال له کەرتی گشتییەوه بگۆڕێت بۆ کەرتی تایبەت , ئەوا دەبێت ئۆتۆمۆبێل هەبێت بۆ گواستنەوەی بەرهەم بۆ شار , دوکان هەبێت بۆ ساغکردنەوەی بەروبومەکه, بازرگان هەبێت بۆ گواستنەوەی , کڕیار هەبێت بۆ کڕینی , دراو هەبێت بۆ فرۆشتنی .... بەم شێوەیه چاکسازییەکه له کەرتی کشت و کاڵ لەگەڵ خۆیدا کەرتەکانی که پەلکێش دەکاته ناو سوڕی بازرگانییەوه و پێویستی بەوه دەکات هەمان چاکسازی کەرتەکان کەش بگرێتەوه وەك پێداویستییەك بۆ درێژەدان پێی .

**ساڵی 1949بەشداری تەکنەلۆژیا له کشت و کاڵدا تەنها ٪20 بوو , بەلام ئێستا گەیشتووه به ٪ 42 , ئەم ڕێژەیەش زۆر له خوار وولاته پێشکەوتووەکانەوەیه .**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له سەرەتاوە ماو تەحەدای نەخشەی ستالینی کرد بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم له چین , نەیاری خۆی دەربڕی بۆ پرۆژەی ڕۆژئاواییانەی سۆسیالستی سۆڤییەتی که له به شارکردن و پیشەسازیکردندا خۆی دەبینییەوە . پرۆژەی سۆسیالزمی بازاڕی ئێستا هەنگاوە بۆ ڕزگار بوون له تێکشکانەکانی شۆڕشی ڕۆشنبیری ( مناهضة العولمة-سمير امين-فرانسوا اوتار – مكتبة مدبولي-ص47).

پیشەسازیکردن نەك تەنها مەرجی سەرکەوتنی پرۆژەی سۆسیالستییە له هەر وولاتێکدا , بەڵکە کەرتی کشت و کاڵیش به بێ بوونی پیشەسازی گەشەکردوو ناتوانێت پێش بکەوێت وەلام به پێداویستی خۆراکی دانیشتوانی ولاتێکی وەك چین بداتەوە .

ساڵی 1949 چین کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی دواکەوتوو بوو , یەکێك بوو له ولاتە هەرە هەژارەکانی جیهان , له ساڵانی 1952 بۆ 1978 بەشێوەی گشتی به ڕێژەی 4 بۆ 6٪ ساڵانە گەشەی کرد ( مناهضة العولمة-سمير امين-فرانسوا اوتار – مكتبة مدبولي-ص40).

هەرچی بازرگانییە ئەوا له ساڵی 1970 بازرگانی تەنها 1,7٪ گەشەی کرد , له 1975 بوو به 3,9٪ . دوای مردنی ماو ساڵی 1976 گرووپی چوارکەسی قەدەغەی هاوردەی کەلوپەلی بێگانەیان کرد بۆ ناو چین , بۆیە بازرگانی ئەو ساڵە پوکایەوە . ساڵی 1979 بەشداری چین له بازرگانی جیهانی تەنها 0,7٪ بوو , له ساڵی 1985دا بووە 2٪ و ڕێزبەندی بوو به 16ەمین وولات له جیهاندا , ئێستا سێیەم وولاتە له پاش وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو یەکێتی ئەورووپا .

له نێوان ساڵەکانی 1952–1980 سەرمایەگوزاری لەبواری پیشەسازی 85,9٪ سەرمایەگوزاری گشتی وولاتی پێك دەهێنا . له سەرکەوتنی شۆڕشەوە تا کۆتایی ساڵی 1980 بەرهەمی پیشەسازی 45,2 جار زیادی کرد , نرخی گشتی گەیشتە 499,2 مليار یوان ( الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صباح محمود محمد-ص38).

له بواری پیشەسازییدا له سەروبەندی سەرکەوتنی شۆڕشدا چین جگە له بەرهەم هێنانی ئەندازەیەکی دیاریکراوی کەم له کاغەز , خوێ , شەکر(200000 تەن له ساڵێکدا), جگەرە , 4000ڕادیۆ (بۆ یەك ساڵ),14000 پاسکیل(بۆ یەکساڵ) , گلۆپ , قوماش , بەتانی و حەریری بەرهەم دەهێنا , ئەوەندە دوا کەوتوو بوو توانای بەرهەمهێنانی گۆرەوی و سەعات و تەلەفزیۆن و مەکینەی دورمانی نەبوو (الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صباح محمود محمد-ص40).

له ساڵی 1949 دا چین تەنها خاوەند نزیك 10000کم هێڵی شەفەمەندەفەر بوو له پانتایی ئەو وولاتە پان و بەرینە که کیشوەرێکە بۆ خۆی , له ساڵی 1980 گەیشتە 25000 کم , هاوکات خاوەندی نزیك 8000 کم ڕێگاوبان بوو , له ساڵی 1980دا گەیشتە 876000 کم .....( الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صباح محمود محمد-ص42).

له نێوان ساڵانی 1963 بۆ 1966 بەرهەمی پیشەسازی جارێکی که به پۆزەتیف گەشەیکردەوە , به ڕێژەی ساڵانەی 10,6٪ , بەلام دواتر به بەهۆی کارتێکردنەکانی شۆڕشی ڕۆشنبیرییەوە بەرهەمی پیشەسازی به ڕێژەی 14٪ پوکایەوە . لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی سیاسەت له سەرو بەندی قۆناغی شۆڕشگێڕیدا ئاستی گەشەی ئابوری دیاریکردووە , له سەردەمەکانی هێمنی سیاسی و نەبوونی پشێوی دروشم بازی ئابوری ڕێچکەی گەشەی نۆرماڵی خۆی گرتۆتەوە بەر . له نێوان ساڵەکانی 1970 بۆ 1974

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گەشەکردن بە ڕێك و پێکی چووە پێشەوە , ناوەندی گەشەکردن بۆ کەرتی پیشەسازی 8٪ و کشت و کاڵ 3,8٪ بوو . لە ساڵی 1977دا پێش چاکسازییەکان کەرتی پیشەسازی 14٪ و ساڵی 1978 بە ڕێژەی 13٪ گەشەیکرد , ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە .

لە ساڵی 1949 دا کەرتی کشت و کاڵ 50٪ بەرهەمی نەتەوەیی وولاتی پێك دەهێنا , ساڵی 1955 ئەم ڕێژەیە هاتەخوارەوە بۆ 41٪ , لە ساڵی 1965 دابەزی بۆ 31٪ و ساڵی 1975 بۆ 25٪ , بەلاَم پاش ئەو چاکسازییانەی لە بواری کەرتی کشت و کاڵ لە ساڵی 1979ئەنجام درا بەشداری کەرتی کشت و کاڵ لە کۆی ئابوری وڵات بەرز بووەوە بۆ 33٪ . ئەم بەرزبونەوەیەش بەهۆی دابەزینی دوو کەرتەکەی کە پیشەسازی و خزمەتگوزارییەوە نەبوو , بەڵکە بەهۆی بەرز بوونەوەی ڕێژەی بەرهەمی کشت و کاڵەوە بوو لە کۆی بەرهەمی نەتەوەیی وولاٌت .

لەبەر ئەوەی سۆسیالیزم پێویستی بە پیشەسازی کردن بوو , بۆیە گرنگی تایبەتی بەم کەرتە درا , ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە کەرتەکانی کە زیاتر گەشەی کرد , لە ساڵی 1949 بە دواوە زۆربەی سەرمایەگوزاری وولاٌت لە بواری کەرتی پیشەسازی خەرجکرا .

ساڵەکانی 1949 – 1952, 1963–1965, 1971– 1981 سەردەمی گەشەکردنی ئابوری بوو لە چین , لەو کاتانەی کێشەی سیاسی گەرم بووە گەشەکردن پوکاوەتەوە , شۆڕشە سیاسییەکان چەند گەرماییان زیادی کردبێت ئەوەندە بە پێچەوانەوە ئابوری لەرزی لێنیشتوە و پوکاوەتەوە . چەندە حەماسەتە شۆڕشگێرییەکان بەرز بێتەوە , ئارامی سیاسی و زەمینەی سەرمایەگوزاری بکەوێتە مەترسییەوە ئەوا ئابوری بە پێچەوانە دابەزیوە .

## دوای چاکسازییەکان

## (گرنگ نییە پشیلە سپییە یان ڕەش , گرنگ ئەوەیە مشك بگرێت)

ئەمەی سەرەوە ووتەی دینگە گرنگترین دروشمەکانی چاکسازی بوو لە چین , مشك گرتنی چینییەکان گەشەکردن و تازەکردنەوە بوو . باوەڕەکانی **چاکسازی چینی لەسەر سێ پێ ڕاوەستاوە(چاکسازی–کرانەوە–تازەگەری)( ص 313 الاستثمار الاجنبي المباشر والتجارة الدولية الصين نموذجا د. هناء عبدالقادر بغداد 2002 ). سەرباری چاکسازی و کرانەوە گرنگترین هەنگاو چین نای لە چاکسازییدا تازەگەری بوو لە ژێرخانی ئابوری , ئەمە وایکردن چین ببێتە وولاتێکی پێشکەوتوو , ئەمە وای کرد ئوردونییەکان ئەمساڵ بڵێن تا ئێستا ئۆتۆمۆبێلی منالاٌنەمان لە چینەوە بۆ دەهات , لە ئێستا بەدواوە ئۆتۆمۆبێلی ڕاستەقینەمان بۆ دێت , ئەمەیان کاتێك ووتەوە کە 600 ئۆتۆمۆبیلی چینی بۆیەکەمجار خۆیان کرد بە بازاڕەکانی عەماندا (شبكه صين –18–1–2005) .**

پاش چاکسازییەکانی ساڵی 1979 کشت و کاڵ بە ڕێژەی 22٪ گەشەیکرد , بازرگانیش بە هەمان شێوە لە ساڵی 1980 بە ڕێژەی 15٪ و ساڵی 1984 بە ڕێژەی 21٪ و ساڵی1986 بە ڕێژەی 35٪ گەشەی کرد (chin pagina بەشی زۆری زانیارییەکان لەم سایدەوە وەرگیراوە ). لە دوای چاکسازییەکانەوە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئابوری هەموو ساڵەکان بە پۆزەتیف گەشەی کردوە جگە لە ساڵی 1989 کە کارەساتی تیان مین تێیدا ڕوی دا ئابوری 4,3٪ پوکایەوە(الاستثمار الاجنبي المباشر والتجارة الدولية –الصين نمذجا ) .

لە ساڵی 1950 دا کۆی گشتی بازرگانی دەرەوەی چین 1,13ملیار دۆلار بوو , 550 ملیۆن دۆلار ناردە و 580 ملیۆن دۆلار هاوردە , ساڵی 1980 بازرگانی دەرەوەی چین گەیشتە 37,7 ملیار دۆلار , بڕی ناردە گەیشتە18,27 ملیار دۆلار و هاوردەش گەیشتە19,51 ملیار دۆلار (الصين-دراسة في الجيوبولتك- د.صبح محمود محمد ص 46).

بازرگانی دەرەوەی چین ساڵی 2004 گەیشتە 1154,74 ملیار دۆلار , دوو ئەوەندەی ساڵی 2001 , کە ساڵی بە ئەندامی بوونی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی( ڕۆژنامەی گەل 12–1–2005).

لە نێوان ساڵانی 1950–1980 ئامرازی هۆیەکانی بەرهەم هێنان 80,4٪ هاوردەی چینی پێك دەهێنا , کاربورد تەنها 19,6٪ی پێك دەهێنا( الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صبح محمود محمد -ص47 ). تا ئێستاش هاوردەی چین جگە لە نەوت و ئاسن و ڕۆن .... زۆربەی ئەوانی کە ئامێرەکانی بەرهەم هێنان و کارگاو کارخانە و هۆیەکانی گواستنەوەن . لە ساڵی 1978 بۆ ساڵی 2004 بازرگانی دەرەوە 56 جار زیادیکرد , بە ڕێژەی 16,8٪ بۆ هەر ساڵێك , لە هەمان کاتدا بازرگانی جیهانی ساڵانە بە ڕێژەی 6,4٪ گەشەی کرد (30–2–2004 شینخوا). ئەمەش دەربڕی ئەوەیە بازرگانی چین بە گوڕو تینی زیاترەوە گەشەی کرد لە چاو بازرگانی جیهانی , بەمەش ڕێژەی بەشداری چین لە بازرگانی جیهانی ساڵ بە ساڵ دەچێتە سەرەوە .

ئەمەی خوارەوە ڕێژەی گەشەی بەرهەمی نەتەوەییە لە دوای چاکسازییەکانەوە.

ساڵی 1978دا کۆی گشتی بەرهەمی نەتەوەیی 3624,1 ملیار یوان بوو, بەرهەمی نەتەوەیی چین ساڵی 1989 گەیشتە 362,41 ملیار دۆلار( ص 320الاستثمار الاجنبي المباشر والتجارة الدولية الصين نموذجا د. هناء عبدالقادر بغداد 2002 ), ساڵی 2003 کۆی بەرهەمی نەتەوەیی گەیشتە 116898,4 ملیار یوان . ساڵی 2000 بەرهەمی نەتەوەیی چین تەنها 928,9 ملیار دۆلار (الوسط–546–18–11–2002) , لە ساڵی 2003 بووە زیاتر لە 1400 ملیار دۆلار بەمەش بە ماوەی 3 ساڵ نزیك بە 50٪ زیادیکرد , ساڵی 2004 بەرزبووەوە بۆ سەروی 1650 ملیار دۆلار (25–1–2005 جەزیرە نێت) .




## هاوکاری سۆڤییەت بۆ چین دوای سەرکەوتنی شۆڕش

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سالی 1945 ژاپۆنییەکان سەرباری کوشت و بڕی بە کۆمەڵ و وێرانکاری بەرفراوان ژمارەیەکی زۆر لوغمیشیان لە چیندا چاند بۆ درێژەدان بە وێرانی لە دوای دەرچونیشییان , هەروەها بەشێکی زۆر لە ناوچە بەرهەم هێنەرەکانییان خاپور کرد و زەوییەکەیان لوغم ڕێژ کرد , شەڕێکی نەگریس بەسەر وولاتدا داسەپێنرا , زۆربەی پیشەسازییەکانی خۆرهەلات پاش ئازادکردنی ناوچەکانییان لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە گواسترانەوە بۆ سۆڤییەت , ئەوانەی مانەوە کە نە گواسترانەوە چاك نەکرانەوە و لەدواییدا بەکەڵك نەمان , هاوکات کەرتی کارەباش بە تەواوی خاپور بوو . بەسەر کەوتنی شۆڕش سۆڤییەتییەکان جگە لەوەی لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانییدا هاوکاری کۆمۆنیستەکانییان کردبوو , لە دوای سەرکەوتنیش لە هاوکاریکردن بەردەوام بوون .

لە سەرکەوتنی شۆڕشەوە تا سالی 1957 زیاتر لە 90000 ئەندازیاری چینی لەسەر خەرجی سۆڤییەت خوێندنییان لە وولاتەکەی تەواو کرد( الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صبح محمود محمد ص10 ) . هاوکات تا سالی 1957 زیاتر لە 259000 قوتابی بە شێوەی گشتی لە هەموو کەرتەکانی خوێندن لە سۆڤییەت خوێندییان( الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صبح محمود محمد ص 10).

هەروەها پاش سەرکەوتنی شۆڕش چین بڕی 1,9 ملیار دۆلاری وەك قەرزی درێژخایەن لە سۆڤییەت قەرز کرد , لە سالی 1965 دایەوە , تا سالی 1978 چین هیچ قەرزێکی کەی دەرەکی نەکرد ( ص48 - الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صبح محمود محمد). ئەو بڕە قەرزەش بۆ چینییەکان لەوکات زۆر پێویست بوو . ئەمە سەرباری ئەوەی سۆڤیەتییەکان لە گواستنەوەی ئەزمونەکانییان لە بواری پیشەسازی و پێشکەشکردنی هاوکاری لەم بوارەدا بەرامبەر چینییەکان دەستپڕ بوون .

سالی 1961 بە هۆی پاشەکشەی سۆڤییەتەوە لە چین بەرهەمی پیشەسازی لەو وولاتە بە ڕێژەی 38٪ و سالی 1962 بە ڕێژەی 16٪ پوکایەوە , سالی 1961 بۆ چین سالی دارمانی ئابوری بوو .

پچڕانی پەیوەندی هەردوو وولات تێسرەواندنێکی کاریگەربوو لە پێشکەوتنی چینییەکان .

## باری ژییانی هاوولاتییان

چین لە سالی 1949دا ولاتێکی مۆدێرن نەبوو , یەکێك بوو لە ولاتە هەرە دواکەوتووەکانی جیهان , ئاستی ژیان و پێشکەوتنی لە خوار ئاستی ژیان و پێشکەوتنی هیندستانەوە بوو .

کە شۆڕش هەڵگیرسا زیاتر لە 250 ملیۆن چینی لە هەژارییدا دەژییان لە کۆی 541 ملیۆن , ئەمەش نزیك بە 46,2٪ دانیشتوانی پێك دەهێنا , بەلام لە سالی 2000 هەژاری دابەزی بۆ 30 ملیۆن کەس کە کەمتر لە 3٪ دانیشتوان (شینخوا 19-3-2001).

لە سالی 2004 دا ژمارەی هەژاران 4 ملیۆن هاتە خوارەوە , بەلام هاوکات جیاوازی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان زیادیکرد , تا ئێستا لە چین زیاتر لە 200 ملیۆن مرۆڤ بە 1 دۆلار لە ڕۆژێکدا دەژێن (جەزیرە نێت 15-1-2005) .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشدا , کە گەریلا کۆمۆنیستەکان چوونە ناو شەنگەهایەوە , تا ئەو کات زۆربیان گلۆپییان نەدیبوو , کە خەوتن زۆربیان گلۆپەکانییان شکاند , چونکە نایان زانی بیکوژێننەوە , لە دوکانەکان دەستیان دەکردە ملی ئەو لەشە باغەییانەی بەرگی نوێیان لەبەرکرابوو , وایان دەزانی زیندوون . ساڵی 1949 ناوەندی تەمەن بۆ تاکی چینی تەنها 32 ساڵ بوو , لە ساڵی 1985 گەیشتە 69 ساڵ .

بەشی تاکێك لە دانەوێڵە ساڵی 1952 تەنها 288 کگم بوو بۆ ماوەی یەکساڵ , ساڵی 1978 بەرزبوەوە بۆ 315 کگم , لە ساڵی 1984 گەیشتە 396 کگم , کەواتە لە 38 ساڵی یەکەم تەنها 27کگم سەرکەوت , بەڵام لە 6 ساڵی دوایی پاش چاکسازییەکان 81 کگم چووە سەر .

داهاتی تاکی جوتیار لە ساڵی 1957 تەنها 40,5 یوان بوو (الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صبح محمود محمد ص 29) و مانگانەی فەرمانبەرانیش 446 یوان بوو (الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صبح محمود محمد-ص28).

**داهاتی تاکە کەس لە شارەکان ساڵی 1978 تەنها 343 یوان بوو , لە ساڵی 2001دا بوو بە 6860 یوان , واتە لەو ماوەیەدا 20 جار زیادیکردووە , بەڵام لە لادێدا ساڵی 1978 داهاتی تاکەکەس 134 یوان بوو, لە ساڵی 2001دا گەیشت بە 2366 یوان , لەو ماوەیەدا 17,65 جار داهاتی تاکی لادێ زیادی کرد . هەرچەندە ئەم جیاوازییە لە داهاتی تاك لە نێوان شارو لادێ لە لایەك وە ناوچە جیاجیاکان لە لایەکی کە , جیاوازی باری ژیانی هاوڵاتییان زیادە کات و یەکێکە لە کێشە گرنگەکانی دوا ڕۆژی گەشەکردنی ئابوری لەم وڵاتە , مەترسییەکی هەست پێکراوە حکومەتی چینی نیگەران کردووە .**

**لە ساڵەکانی 1957 ەوە بۆ 1964 زیاتر لە 30 ملیۆن چینی لە برسا مردن , ئەمەش گەورەترین بە کۆمەڵ مردن بوو لە برسان لە مێژوی مرۆڤایەتی** (بول سمنيدي- الاستعداد للقرن الحادي والعشرين –ترجمة محمد عبدالقادر –1993-ص 218). (چینییەکان خۆیان بە 15 ملیۆنی دیاری دەکەن) .

**لە ساڵی 1962 دا داهاتی تاکە کەس لە چین تەنها 60 دۆلار بوو , چین بە پلەی 11 لە هەرە وڵاتە هەژارەکان جیهان دەهات** (اهرام–18–1–2002).

**ساڵی 1987 داهاتی تاکە کەس لە چین گەیشتە 294 دۆلار , لە هەمان ساڵدا لە هیندستان داهاتی تاك لە ساڵێکدا 311 دۆلار بوو** (بول سمنيدي- الاستعداد للقرن الحادي والعشرين – ترجمة محمد عبدالقادر –1993-ص).

**کەچی چین لە ساڵی 1998 لە لیستی وڵاتان بۆ گەشەی مرۆڤ ژمارەی 99 بوو , بەڵام هیندستان بوو بە 128ەمین وڵات لە کۆی 174 وڵاتی جیهانی , بەمەش کەوتە دوای چینەوە , ئێستا ئەو جیاوازییە زیاترە .**

**ڕاپۆرتی نەتەوە یەککرتوەکان ڕای گەیاند لە نێوان ساڵەکانی 1978–1990ژمارەی هەژارانی چین بۆ نیوە کەمبۆتەوە . لە ساڵی 1994 بۆ 2000 ساڵانە 6 ملیۆن چینی لە هەژاری ڕزگارییان بووە , لە 2 ساڵی یەکەمی هەزارەی سێیەم ساڵانە 2 ملیۆن لە هەژاران ڕزگاریان بووە لە هەژاری** (8–8–2004 شینخوا). **پارساڵ 4 ملیۆن چینی لە هەژاری ڕزگاری بوو .**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له كاتێكدا ساڵی 1949 ژمارەی دانیشتوانی چین 541,71 ملیۆن بوو . تەنها 20٪ مناڵان دەچونە قوتابخانە , 80٪ خەڵك نەخوێندەوار بوون . كەچی ئێستا چین زۆرترین قوتابی زانكۆی هەیە لە جیهاندا .




ئەمەی خوارەوەش خشتەی بەرهەم هێنانە لە چین لە هەردوو كەرتی كشت و كاڵ و پیشەسازی , دیارە ئامارو ژمارەش باشترین وەڵامە بۆ هەموو پرسیارەكان .

جدول الزيادة في المنتجات الزراعية الرئيسية
(الوحدة: ألف طن)

| النوع | السنة | | | |
|---|---|---|---|---|
| | 1949 | 1978 | 2000 | 2001 |
| الحبوب | 113,180 | 304,770 | 462,180 | 452,620 |
| القطن | 444 | 2,167 | 4,417 | 5,320 |
| المحاصيل الزيتية | 2,564 | 5,218 | 29,548 | 28,720 |
| قصب السكر | 2,642 | 21,116 | 68,280 | 77,000 |
| الشمندر | 191 | 2,702 | 8,073 | 10,900 |
| التبغ | 43 | 1,052 | 2,238 | 2,040 |
| الشاي | 41 | 268 | 683 | 690 |
| الفواكه | 1,200 | 6,570 | 62,251 | 65,360 |
| اللحوم | 2,200 | 8,563 | 61,254 | 63,400 |
| المنتجات المائية | 450 | 4,654 | 42,785 | 43,750 |

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## جدول زيادة المنتجات الصناعية الرئيسية

| النوع | الوحدة | السنة | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | **1952** | **1978** | **2000** | **2001** |
| الفحم الخام | مليون طن | 66 | 618 | 998 | 1,110 |
| النفط الخام | ألف طن | 440 | 104,050 | 163,000 | ,000<br>165 |
| الطاقة الكهربائية | مليار كيلووات/ ساعة | 7,3 | 256,6 | 1355,6 | 1478 |
| الفولاذ | ألف طن | 1,350 | 31, 780 | 128,500 | ,660<br>152 |
| الإسمنت | ألف طن | 2,860 | 65,240 | , 000<br>597 | ,000<br>640 |
| السيارات | ألف سيارة | - | 149,1 | 2070 | 2334 |
| التلفزيونات الملونة | ألف تلفزيون ملون | - | 3,8 | 39360 | 39671 |
| الألياف الكيماوية | ألف طن | - | 284,6 | 6940 | 8283 |
| الغزل | ألف طن | 656 | 2,382 | 6,570 | 6,998 |
| الأقمشة | مليون متر | 3,830 | 11,030 | 27,700 | 29,060 |
| السكر | ألف طن | 450 | 2,270 | 7,000 | 6,190 |
| حامض الكبريتيك | ألف طن | 190 | 6,610 | 24,270 | 27,401 |
| الأسمدة الكيماوية الزراعية | ألف طن | 39 | 8,693 | 31,860 | 33,965 |
| المبيدات الزراعية الكيماوية | ألف طن | 2 | 533 | 607 | 696 |
| الدوائر الكهربائية المتكاملة | مليون قطعة | - | 30 | 5,880 | 6,360 |
| السنترالات بالتحكم المبرمج | ألف سلك | - | - | 71,360 | 72,235 |
| أجهزة الاتصالات المتنقلة | ألف جهاز | - | - | 15,050 | 24,739 |
| الميكروكمبيوترات الالكترونية | ألف جهاز | - | - | 6,720 | 7,580 |

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com